# کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە شۆرجەی شاری کەرکوک

ڕۆژی 2005/9/5 کۆمیتەی کەرکوکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە ساحەی کرێکارەکانی شۆرجە بە ئامادە بوونی هاوڕێیان محەمەد عەزیز  ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئازاد مەجید و جاسم محەمەد ئەندامانی کۆمیتەی کەرکوک کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ساز دا سەبارەت بە مەسەلەی دەستوور. لەو کۆبوونەوەیەدا ئازاد مەجید وتەیەکی پێشکەش بەئامادە بوان کردو تیایدا تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم دەستوورە  نەك هەر کێشەی خەڵکی کوردستان چارەسەر ناکا بەڵکو جارێکی تر ڕاکێشانەوەی کوردوستانە بۆ ناو ئاگری جەنگ و دووبارە بوونەوەی کارەساتەکانی ڕابردووە.

شایانی باسە وتەکەی ئازاد مەجید بە چەپڵەی گەرمی ئامادەبوان پشتیوانی لێکرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا  سەدان ژمارە لە ڕۆژنامەو بلاّوکراوەکانی حزب ( ئوکتۆبەر ، نا ، یەکسانی ، الی الامام ) بلاّوکرایەوە.

سەبارەت بەدەستوورو خۆپیشاندانەکانی کەلار حەملەیەك لەبلاّوکردنەوەی بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانی حزب  بەشیوەیەکی فروان دەستیپیێ کرد لە گەڕەکەکانی حوڕیە ، شۆرجە ، ڕەحیم ئاوا ) وە بە سەدان نوسخەمان بلاّو کرانەوە کە جێگای سەرنج و پشتیوانی خلّك بوو .

رەمەزان صابر

بەرپرسی کۆمیتەی کەرکوک

2005/9/10